# ئەگەری سەرکەوتن

**فایەق سەعید**
faiekk@yahoo.se

وەکو هەریەکێکی دی، سەرکردە کوردەکانیش بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی ئەوەدا رۆژێ لەڕۆژان ببنە سەرۆکی عیراقی عەرەبی. هەربۆیەش بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا بەگەرمی کۆشش دەکەن. دیارە کەخەڵکی عەرەبیش بەهیچ جۆرێ دەنگی خۆیان بەسەرکردەیەکی کورد نادەن چونکە بەپێی بۆچوونی ئەوان کوردەکان هەڕەشە لەیەکپارچەیی عیراق دەکەن. بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونەش هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەموو حیزبێکدا دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن و بەشێکی کورسیەکانی حکومەتیان بەربکەوێت. لەو هەڵبژاردنانەدا سەرکردەکانی کورد لەسەر ئەوە پێك هاتوون کەبەیەك لیست بەشداری بکەن چونکە هەم خۆیان سەرکەوتن بەدەست دێنن و هەم دەشتوانن یەکپارچەیی عیراق بپارێزن.

لەلایەکی ترەوە تاوەکو ئێستاش بەتەواوەتی لەسەر هەڵبژاردنەکانی کوردستان رێك نەکەوتوون. ئەگەری دووبارەبوونەوەی شەڕی ناوخۆ لە کوردستان و لەعیراقیشدا بچوك نیە. چونکە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لەسەد کۆبوونەوەیان کردووەو لەکۆتایی هەموو کۆبوونەوەکانیشیاندا وتوویانە کەوا لەسەر هەموو شتە گرینگەکان رێککەوتوون، کەچی کەسیان ئامادەیی ئەوەیان تێدا نەبووە ئەوی تر قبوڵ بکات و دەسەڵاتی لەگەڵدا دابەش بکات. ئەگەری قبوڵکردنی یەکتریش لەمەودوا هێندە گەورە نیە.

بەهۆی ناکۆکی هەردوکیانەوە چارەنووسی کەرکوك گەشتە ئەو ئاستە ئاڵۆزەی ئەمڕۆ. ئەم راستییە هەموومان دەیزانین بەڵام حیزبەکان پەیتا پەیتا لێمانی دەشارنەوەو پێمان دەڵێن کەئەوان لەکەرکووکدا گرفتیان نیە، تا مەلا بەختیار لەدیمانەیەکی کوردساتدا لەدرزی پەچەیەکەوە دانیپێدانا کە ئەگەر ناکۆکی ئەوان نەبوایە کەرکوك وا لێنەدەهات. حیزبەکان لەبری ئەوەی خاوەنی کولتورێك لەشەفافیەت بوونایە ، ئەوڕۆکە بوونەتە خاوەنی کولتورێك لەشت شاردنەوە. زۆر جار شتەکان لەمیللەتی کورد دەشارنەوەو بەهیچ شێوەیەك ئامادە نین لەگەڵ رۆژنامەوانێکی کوردا باسی بکەن، بەڵام زۆر بەئاسانی ئەو شتانە بۆ رۆژنامەوانێکی عەرەب دەدرکێنن.

شتێکی ئاشکرایە کەکورد لەئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عیراقدا دوو کەسی هەبوو کەبڕیاریان لەسەر شتە چارەنوسسازەکانی کورد دەدا. شتێکی بەڵگەنەویستیشە کە ئەو نمایندانە لەمەڕ کەرکووك نەیانتوانی شتەکانی خۆیان بەسەر ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عیراقدا بسەپێنن. بەشێك لەو هۆکارانە بۆ هەڵوێستی ئەمریکاییەکان دەگەڕێنەوەو بەشێکیشی بۆ بێتوانایی خودی ئەو نمایندانە دەگەڕێتەوە کەهەر لەسەرەتاوە جۆرە چارەسەرێکیان پێشنیار کرد کەنەدەبوو بیکەن.

ئێستاش کەرکووکییەکان دەبێ باجی ئەو گفتوگۆ ناسەرکەوتووانەی ناو ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی بدەنەوە. بۆیە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر لەخەڵکی رەشورووتی کەرکووك دەکەن کەبگەڕێنەوە بۆ کەرکووك بەمەبەستی ئەوەی دەنگیان بۆ بدەن. زۆرجار جۆری ئەو زۆر لێکردنانە شێوەیەکی ئەوتۆی وەرگرتووە کەبەهیچ جۆرێ لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا یەکناگرنەوە. ئەو شەڕەی کەدەبوو حیزبەکان خۆیان بیکەن، ئێستا بەخەڵکی کەرکووکی دەکەن. کار وای لێهاتووە هەندێ جار سەد دۆلار یا پارچە رەشماڵێك بەخێزانێك دەدەن و بەزۆر دەینێرنەوە بۆ ناو کەرکووك یا بەزۆر موچەی فەرمانبەرەکان دەبڕن و دەیانێرنەوە بۆ نێو تیرۆریستەکانی کەرکووك بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە داهاتووی ئەو خێزانانەو بەبێ ئەوەی بتوانن رێگە لەهەڕەشەی عەرەبە هاوردەکان و تیرۆریستەکان بگرن. بەشێوەیەکی تر پەیامی حیزبەکان ئەوەیە ((کەدەبێ خەڵك بچنەوە بۆ کەرکووك، بەڵام ئەوان بەرپرسیار نین کەچییان بەسەر دێت))

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەواتە بۆ دەبێ جەماوەری ئاسایی باجی سیاسەتەکانی حیزبێك بدەنەوە کەپرسیان پێناکات.
لەهەمووشی مەترسیدارتر ئەوەیە ئەندامی بەرز لەسەرکردایەتی حیزبەکان ئەوە دووبارە دەکەنەوە کەئەوان چی تر کاریان بەسەر کەرکووکەوە نیەو ئەو کارە تەنها دەبێ کەرکووکییەکان بیکەن. ئەم پەیامە ترسناکە هەڕەشەیەکی گەورەیە بەمەبەستی تەواوەنەکردنی پرۆسەیەکی نەتەوەیی کۆن. وازهێنانە لەسنوری کوردستان و دانپێدانانێکی ئاشکرایە بەوەی حیزب تەنها دەتوانێ سنورەکانی ئێستا بپارێزێ و هیچ چارەسەرێکی کۆنکرێتیشی بۆ گرفتەکانی دیکە نیە.
تاوەکو ئەمڕۆش سەرکردایەتی کورد لەدیاریکردنی چارەنووسی ناوچە تازە ئازادکراوەکاندا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. شتێکی روونیشە بەبێ ئەو کارە بەشداریکردنمان لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا کورد لەو ناوچانەدا دەخاتە خانەی دۆڕاوەکانەوە. بۆیە بەهەموو شێوەیەك بەشداریکرن لەهەڵبژاردنەکانی عیراقدا شکستێکی تر بۆ ئێمە بەرجەستە دەکات. ئەم شکستە چارەسەرکرنی گرفتی سنوری کوردستان لەداهاتودا هێندەی تر ئالۆزتر دەکاتەوە.
لەلایەکی ترەوە هەوڵدان بەردەوامە بۆ بەشداریکردنی هاولاتیانی دەرەوەی ولات لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا. ئەم بەشداریکردنە لەوانەیە لەبەرژەوەندی هەندێ لایەندا بێت بەلام پێناچێ لەبەرژەوەندی حیزبە کوردییەکاندا بێت، چونکە زۆرینەی کوردەکانی دەرەوە دەیانەوێ لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بەشداری بکەن بەلام بەهیچ شێوەیەك نایانەوێ لە هەڵبژاردنی عیراقدا بەشداری بکەن.
حیزبە کوردیەکان لەمەترسی ئەم کارە گەشتوون بۆیە بەهەموو شێوەیەك دەستیان کردووە بەدامەزراندنی کۆمەڵەو رێکخراوی کوردی و بانگەشەی ئەوەشی دەکەن کە ئەو رێکخراوانە سەر بەهیچ حیزبێك نین چونکە زۆرینەی کوردەکانی دەرەوە لەگەڵ حیزبە سیاسیەکاندا کار ناکەن و پشتی سیاسەتەکانیان ناگرن.
چ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و چ پارتی دیمکراتی کوردستانیش ئەرکێکی مێژویی گرینگیان خستۆتە سەر شانی خەڵکی ئاسایی کەرکوك، تەنها لەبەر ئەوەی خۆیان هیچ جۆرە بەرنامەیەکی کۆنکرێتیان بەدەستەوە نەبووە و نەیانتوانیوە ئەو گرفتە چارەسەر بکەن. جۆری چارەسەرەکەی ئەوان ئەوەندەی تر گرفتی کەرکوکی ئالۆزتر کردەوەو تا دێتیش قوڵتری دەکاتەوەو رووداوەکان وامان پێ دەڵێت ئەو چارەسەرە (بێ بەرنامەیە) ی حیزبەکان بەجۆرێك دەکەوێتەوە کەبەدڵی ئێمە نیە.
لەلایەکی تریشەوە حیزبەکان بەریان لەتوڕەیی خەڵك گرتووەو تەنانەت نایەڵن بەئارەزووی خۆشیان مان بگرن و توڕەیی خۆیان بەرجەستە بکەن. بەپێی رای هەندێك لەئەندامە بالاکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەمە کارێکی باش نەبووە کەحیزبەکان کردوویانە.
هەڵوێستی ئەمریکاییەکان لەم بوارەدا پابەندی هەندێك فاکتەرە کەگوناهە سیاسیەکەی دەکەوێتە سەر شانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەمریکاییەکان لەبەر هەندێ هۆ گرفتی کەرکووکیان وا هێشتۆتەوە کەلەبەرژەوەندی خۆیاندا بێت. بۆ ئەمریکاییەکان ئەوە روون نەبووەو نیە کەچۆن ئەم دوو حیزبە دەتوانن ئیدارەی شاری کەرکوك بەو شێوەیە بکەن کەزیاتر ئالۆزتر نەبێ. هەر لەساڵی 1996 – وە تا ساڵی 2004 ئەم دوو حیزبە نایانتوانیوە دوو شار یەكبخەنەوەو کەسیشیان ئامادەیی ئەوەیان تیادا نەبووە ئەوی تر قبوڵ بکات و هەریەکەیان حوکمڕانی ناوچەکەی خۆی کردووە و ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبووە دەسەلاتەکان لەگەڵ ئەوی تردا دابەش بکات. ئەم دابەشنەکردنی دەسەلاتە کەکۆڵەکەی دیموکراسیەو ئەم یەگنەگرتنەوەی شارو پەرلەمانەو ئەم ناقبوڵکردنی یەکترە دەبێتە بناغەی بۆچوونێك لەلای ئەمریکاییەکان کەمانەوەی کەرکوك بەو شێوەیەی ئێستا ئەگەرچی چارەسەر نیە بەلام زۆر باشترە وەك لەوەی بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. هەر کاتێ ئەم کارە بکرێ دەبێ دەسەلاتەکان بەنوقتەو فاریزەوە دیاری بکرێ: بۆ نموونە کام گەڕەکانە بۆ کام حیزبە بێت، کام پارەیە بۆ کێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بێت، کام پردە لەژێر دەسەڵاتی فلانە حیزبدا بێت و پارێزگار لەکام حیزبە بێت و ...... هتد. ئەمەش مانای تێکدان و ئاڵۆزترکردنی پرۆژەکانی ئەمریکایە.
لەلایەکی ترەوە ناکۆکی هەردوو حیزب لەکەرکووکداو ئامادەنەبوونیان بۆ کارکردن بەیەکەوە ترسی ئەوەی لەلای ئەمریکاییەکان دروست کردووە کەدانی کەرکووك بەهەرێمی کوردستان گرفتەکان بۆ ئەمریکا ئاڵۆزتر دەکات. تەماشاکردنێکی رۆڵی هەردوو حیزبەکە لەکەرکووك ئەم دووبەکییە بەئاشکرا دەردەخات. جگە لەراگەیاندنی خودی ئەو دوو حیزبەو هەوادارەکانیان هیچ رۆژنامەیەك ئەوەی نەسەلماندووە کەئەوان لەکەرکووکدا (بەهەمان شێوەی لەبەغدا) تەبان. ئەوەی لەکەرکووکدا بێت ئەمرۆ ئەو دابەشکردنە دەبینێت و ئەوەشی لەلا روونە کەحیزبەکان وەکو یەك دەزگای کوردی یەکگرتوو بۆ پرۆسەیەکی نەتەوەیی کار ناکەن.
هەموو ئەمانە لەلایەك و بەرنامەی کۆنکرێتی دەوڵەتە دراوسێکانیش لەلایەکی تر: تورکیا و ئێران بەشێوەیەکی کارا لەم بوارەدا کاری جیدی دەکەن و ئەوەی بۆیان لواوە کردوویانە. لەلایەکی تریشەوە وڵاتە عەرەبیەکان بەهەموو شێوەیەك لەدۆزی کەرکووکدا پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر ئەمریکا بۆ ئەوەی عەرەبە هاوردەکان دەرنەکرێن و دەربەدەر نەبن و هەمیشە ئاماژە بۆ نەوتی کەرکووکیش دەکەن. شتێکی بەڵگەنەویستیشە ئەمریکا بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەی بەلاوە زۆر گرینگترە وەك لەبەرژەوەندی کورد کەئامادە نین کاروباری دوو شار بەیەکەوە هەڵسورێنن. کەئامادەن ببنە جێگری دووەمی سەرۆك، سەرەك وەزیران، یا پەرلەمانی عیراق بەڵام ئامادە نین لە کوردستاندا ببنە سەرۆك و جێگری یەکتر.
وا هەڵبژاردنەکان نزیك دەبنەوەو تاوەکو ئێستاش هیچ یەکێك لەو دوو حیزبە ئامادەیی ئەوەی تێدا نیە کەسنوقی دەنگەکان حوکم بکات و بەوەش رازی بێت کەببێ پارتێکی بەرهەڵستکار ئەگەر دۆڕاندنی. هەرگیز هیچ یەکێکیان بەوە رازی نابێ کەشارەکانی خۆی بخاتە ژێر دەسەڵاتی ئەو حیزبەی دەنگەکان دەباتەوە. بۆیە بەئەگەری زۆر پەنا دەبەنە بەر ئەوەی پۆستەکانی حکومەت و پەرلەمان لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن. بەم شێوەیە هەڵبژاردنەکان لەمانا راستەقینەکانی خۆیان پوچەڵ دەکەنەوە. هەڵبژاردنی راستەقینە ئەوەیە هەر یەکەو بەپرۆگرامی خۆیەوە بچێتە هەڵبژاردنەکانەوەو هەر کات دۆڕاندی لەدەسەڵات بچێتە دەرەوە.
لەوانەیە کەسانێکی زۆر ئەمە بەرەشبینی لەقەڵەم بدەن بەڵام ترسی شەڕ لەسەر دەسەڵات و ئەگەری تەشەنەکردنی ناکۆکییەکان بچوك نین. سیاسەتی ئەم دوو حیزبە تاوەکو ئێستا بەو شێوەیە نەبووە کە ئەو مەترسیانەمان لەبیر ببنەوە. بۆیە هێشتا ئەگەری دابەش بوونی پەرلەمان و دەسەڵاتەکانی حیزب بەشێوەیەکی فیعلی لەئارادایە.
وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستیی بەزیرەکیەك و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر نیە بۆ ئەوەی ئەوە یەکلا بکاتەوە کەئایا ئەم دوو حیزبە بەیەکەوە دەگونجێن یا نا؟ بەوە رازی دەبن سنوقی دەنگەکان ببێتە داوەری نێوانیان؟ هەر حیزبێك دۆڕاندی بەئاسانی دەسەڵات بۆ ئەوی تر بەجێ بهێڵێ؟ ... هتد.
بەدڵنیاییەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوە دەکۆڵێتەوە کەپاش تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر مۆرکردنی رێکەوتنانەی واشنتۆندا تەنها یەك خاڵی جێبەجێ کراوە ئەویش وەستانی شەڕە. ئەوەش دەزانێت کە ئەم دوو حیزبە بەنیازی ئەوە کار ناکەن کەیەك وڵات بەڕێوە ببەن بەڵکو هەر یەکەوە دەیەوێ ناوچەکەی خۆی بەڕێوە ببات. بۆیە گەڕانەوەی کەرکووك لەبەر رۆشنایی ئەم شێوە کارکردنەدا گرفتەکان ئاڵۆزتر دەکات و دۆستەکانی ئەمریکاش تورە دەکات.
کەواتە لەبەر رۆشنایی ئەم بارودۆخەدا مەرج نیە هەڵبژاردنەکان ببنە خاڵی وەرچەرخان بۆ کوردستان. چونکە ئێمە لەوە بووینەتەوە کەهیچ حیزبێك دان بەسەرکەوتنی ئەوی دیکەدا نانێت. بۆیە پێدەچێ تاقە رێگاچارەیەك ئەوەبێت کەکورسیەکان پەرلەمان حکومەت جارێکی تریش دابەش بکەنەوە. ئەم کارەش مەترسی ئەوەی هەیە کەشتی مەترسیناکی لێبکەوێتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەك شتی دیکە هەیە کەلەوانەیە رۆلی خۆی بگێڕێ ئەویش ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فشار بخاتە سەر حیزبەکان بۆ ئەوەی بەروحێکی دڵسۆزانەتر بۆ کورد کار بکەن و سنوقی دەنگدانەکان بکاتە داوەر.  بەڵام تاچەند ئەمریکا ئامادەیە ئەم فشارە بخاتە گەڕ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com